مەلا بەختیار

# جیهانگیری،
# فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ 2011

مەلا بەختیار
جیهانگیری، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ 2011
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(1349) ساڵی 2011
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تیراژ: (4000)
ژمارەی زنجیرە: (14)

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی 2010 ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

## پێشەكی:

هەڤاڵ (مەلا بەختیار- لێپرسراوی دەستەی كارگێڕی مەكتەبی سیاسی یەكێتی) لە چوارەمین رۆژی چواردەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا (2010/11/14) لە هۆڵی تەوار، سیمناری (جیهانگیری" فاكتەرو گرفتەكانی دیموكراسی) پێشكەش كرد. بابەتەكە، مشتومڕێكی زۆری لە هۆڵەكەدا وروژاند. هێشتا مشتومڕی زیاتریش هەڵدەگرێ.

كە بێگومان، سیمنارەكە، بۆ بڵاوكردنەوە، هەر لەلایەن هەڤاڵ مەلا بەختیارەوە، سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوەو لەهەندێك شوێندا، بۆئەوەی بۆ دیالۆگی فكریو سیاسی،



تەنانەت تیۆریو فەلسەفیش باشتر بشێ، بابەتەكە دەستكاریو لەچەندین شوێنیدا، دەوڵەمەندیش كراوە.

لەبەر گرنگی ئەم چەمكە، ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران، بەپێویستی زانی ئەم بابەتە لەچوارچێوەی زنجیرەی هۆشیاری ئەكادیمیادا بەرجەستە بكات، وەك بەشێك لەبەرنامەی خۆی بۆ ئاشناكردنی هەڤاڵان بەچەمكی جیهانگیری.

# جیهانگیری،
# فاکتەر و گرفتەکانی دیموکراسی

## جیهانگیری چییە؟

بابەتەکەی ئەمڕۆ بەناوی (جیهانگیری" فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی) لەڕاستیدا ئەمە بابەتێکی تازەیە، مشتومالێکی زۆر هەڵئەگرێ، هەق وایە ئێمەمانان کە دانیشتووین‌و، ئەوانەش کە لێرە نین، ئەم بابەتە بە هەند وەربگرین، چونکە دیموکراسی لەم سەردەمەدا، جیاوازە لە سەردەمەکانیتر، گفتوگۆ لەسەر دیموکراسی لەم سەردەمە، زۆر جیاوازترە لە گفتوگۆ لەسەر دیموکراسی



لەسەردەمەکانیتری پێش جەنگی یەکەم‌و دوای جەنگی دووەم" لەسەردەمی جەنگی ساردیش. ئەم سەردەمە سەراپا جیاوازە. کاریگەریەکانی جیاوازەو کلتوری ئەم سەردەمە خەریکە شتی تازە دەهێنێتە ناو کولتوری مرۆڤایەتیەوە" ڕاگەیاندنی ئەم سەردەمە جیاوازەو کۆسپ لەبەردەم ڕاگەیاندنی ئێستاو کاریگەریەکانی سیاسەتی ئێستا لە دنیا نەماوەو بەشی زۆری پێویستیەکانی سەردەمەکە، مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی" ئابوری ئێستاش گەلێ جیاوازو کون‌و کەلەبەری جیهان‌و کۆمەڵ‌و تاکەکانیشی تەنیوەتەوە. هەر بەم پێیەش، سەرەتای گۆڕینی سیاسەتی جیهانیش، لەجیهانی پێشکەوتووەوە بەرەو جیهانی دواکەوتوو، سەرەتاکەی گەیشتووەو کاریگەریەکانیشی دەرکەوتووە. بۆیە من قسەیەك لەسەر جیهانگیری دەکەم، دوایی دێمە سەر دیموکراسی، پاشان دێمە سەر فاکتەرەکانی جیهانگیری بۆ یارمەتیدانی سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی، ئینجا سەر گرفتەکانی جیهانگیری

لەبەردەم پیادەکردنی دیموکراسی لە وڵاتانی دواکەوتوودا، لەگەڵ ئەو کێشمەکێشانەی کە لەو چوارچێوەیەدا لەباری فکریو فەلسەفیو ئازادی ویژدانەوە، هەیە.

جارێ با بپرسین جیهانگیری (گلۆبالیزاسیۆن- عولمە) چییە؟ پێناسەیەك کە من باوەڕم پێیەتی، ئەوەیە کە جیهانگیری هەموو سنورەکانی بەزاندووە، پێناسەیەکە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا دەڵێت: جیهانگیری هەموو سنوورەکانی نیشتیمانی، نەتەوەیی، ئابووری، سیاسی، کلتوریو ڕاگەیاندنی بەزاندووە، هیچ سنورێك لەبەردەمیدا نەماوە. ئەمە ڕاستە، بەڵام بیرمان نەچێ هێشتا سنورە روحیو دەرونیو هەژمونگەریەکانی ئاینو نەریت، لەبەردەمیدا بەهێزە. بەتایبەتی لە ئاسیاو تایبەتتریش، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەمە زانستیترین پێناسەیە بۆ جیهانگیری، بەم پێیە بێت لەکوردستان، لە عێراقو ناوچەکەدا، بمانەوێو نەمانەوێت، سنورەکانی ئێمەش بەزیون، یان لەبەردەم



جیهانگیریدا خوساون" بەکردەوەش دەیبینین، هەموومان ئێستا لەم هۆڵە دانیشتووین، تەلەفۆنێکی جیهانگیرمان پێیە، ئێستا دەڕوات لە دەرەوە خەریکی ئینتەرنێت دەبێت، بچیتە ماڵەوە خەریکی سەتەلایەت دەبیت. هەموو ئەمانە دنیای تازەیە، کەناڵی جیاواز جیاوازن، بەکردەوە ڕۆژانە هەستی پێدەکرێ. بڕۆ بازار بە هەزاران کاڵا هاتووەتە بازاڕەوە، بازاڕو کاڵاو بەرهەمە تازەکان، زاڵن بەسەر هەستو ئارەزووی خەڵکدا، کە زۆربەیان لەخەیاڵیشدا نین، کەچی ناچاریشیت بیانکڕیت. ئابوری ئێستا پێی دەڵێن ئابوری (چپس) نەك تەنها ئابوری نەوت وەکو جاران، بەڵێ ئابوری چپس. هەموو تەلەفۆنەکانی ئێمە چپسێکی تیایە، کە بەهەموو دنیادا پەیوەندی دەکەیت، هیچ چیپسێکیش کە لە تەلەفۆنەکەی تۆدایە، لە هی کەسی تردا دوبارە نابێتەوە. بە سەدان ملیار دۆلار قازانج دەکات، یەك دۆلاریش باج نەماوە لەسەر ئەم کاڵایە، هەموو سنورەکان خۆشبەختانە بەکردەوە بەزیون. ئایا ئەم بەزاندنی

سنوره بۆ ئێمه چ قازانجێکی هه‌یه‌؟ یان ئه‌م دیارده‌یه زیانی هه‌یه‌؟ قازانجی هه‌یه‌؟ من به‌ش به حاڵی خۆم پێم وایه لایه‌نه پۆزه‌تیڤه‌کانی ئه‌م سنوربه‌زاندنانه، له لایه‌نه زیانبه‌خشه‌کانی زیاتره. چۆن؟

ئێمه خاوه‌ن نیشتیمانێکی داگیرکراو و دابه‌شکراوین، تا ئێستا هیچ سیسته‌مێك له سیسته‌مه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست ئاماده‌ی دانانی دڵخوازانه‌ی دیموکراسی به مافه‌کانمان نیه، ئه‌وه‌ی له کوردستانی عێراقیشدا به‌دیمان هێناوه، خۆمان به‌دیمانهێنا، ئه‌وه‌ی له‌ده‌ستوری عێراق چه‌سپاندومانه، به‌هۆی هاوسه‌نگی هێز چه‌سپاندومانه، ئه‌گه‌ر هێزمان نه‌بوایه، له‌دوای ڕاپه‌ڕین ده‌ستکه‌وتمان نه‌ده‌بوو، له‌دوای ڕوخانی سه‌دامیش هێزمان نه‌بوایه، ده‌ستکه‌وته‌کانیشمان لێ وه‌رده‌گیرایه‌وه، واته له‌دوای ڕاپه‌ڕین شکستی سه‌دامو له‌شکره‌که‌ی به‌هۆی سیسته‌می نوێی جیهانیه‌وه، ده‌ستکه‌وتێکی گه‌وره‌مان بۆ به‌دیهات، به‌ڵام خۆشمان پێشینه‌مان هه‌بوو، ئاماده‌ش بوین.



له دوای ڕوخانی سه‌دامیشه‌وه له ساڵی 91 تا ساڵی2003 که خۆمان بوین به خاوه‌نی هێز و توانا و ئه‌زمونێك. که سه‌دام ڕوخاو سوپا له‌عێراق نه‌ما، موخابه‌رات نه‌ماوه، ده‌زگایه‌کی سه‌رکوتکه‌ر له‌عێراق نه‌ماوه، ئه‌گه‌ر ئێمه ئه‌و هێزه، ئه‌و ئیداره‌و ئه‌و ئیمکانیاته‌مان نه‌بوایه، ئه‌سڵه‌ن هه‌ر له‌سیاسه‌تی بریمه‌ریشدا نه‌بووه مافمان بسه‌لمێنن، بریمه‌ر هه‌ر رقی له فیدراڵی بووه، بریمه‌ر له‌سه‌د کۆبۆنه‌وه‌دا رایگه‌یاندبوو که فیدراڵ ده‌بیستم بێتاقه‌ت ده‌بم، به‌ڵام ده‌ره‌قه‌تی دۆخه‌که‌و هێزه‌که نه‌ده‌هات. جگه له‌وه بریمه‌ر وای له‌سیاسه‌تی ئه‌مریکا کرد که ده‌یانویست وه‌کو ناشناڵی ئه‌مریکا، ناشناڵی عێراقی دورست بکه‌ن، به‌پێچه‌وانه‌ی هه‌موو ئه‌و ڕه‌خنانه‌ی له‌سه‌ر ئه‌زموونی ئێمه، یا گوایا ئه‌م ئه‌زمونه، ئه‌مریکا دورستیکردبێت، به‌پێچه‌وانه‌وه ئه‌مریکا ئه‌سڵه‌ن ئێمه‌ی دورستنه‌کردوه، پێش ئه‌مریکا له‌شاخدا بوین، پێش ئه‌مریکا ڕاپه‌ڕیوین، که سه‌دامیش روخاوه، گه‌ر ئه‌م

ئەزموونەمان نەبوایەو ئەم هێزمان نەبوایەو هەتارادەیەکیش کێشەکانی ناوخۆمان چارەسەر نەکردبایە، بێگۆمان یەکێك لەهێزەکانی عێراقی دەهاتەوە سەرمان، وردە وردە شارەکانی کوردستان داگیر دەکرایەوە، تەنانەت دەوڵەتانی ئیقلیمیش وایان دەکرد. سێ ساڵ لەمەوبەر خەریك بوون خانەقین بپێچنەوە، خەریك بوون کەرکوکیش بپێچنەوە، خەریك بوون شارەکانی تریش بپێچنەوە، نەمانهێشت.

سنوربەزاندنەکە، کە وابێ، لە تەواوبوونی جەنگی ساردەوە تا ئێستا، وردە وردە لە قازانجی مافە دیموکراسیەکانمان شکایەوە، ئەمە یەك لە باری سیاسیەوە، دووەم لە بارەی تەکنەلۆژیا، پیشەسازی، ئابوری‌و ڕاگەیاندنیشەوە، میللەتێکی دواکەوتووین بەمانای وشە، داگیرکەر نەیهێشتوە گەشەکردنی سروشتی، قۆناغبەندی کۆمەڵایەتی، ئابوری‌و سیاسی لەوڵاتەکەماندا بەدی بێت. هێندەی کە خۆی ویستوویەتی شتێك دەستکەوتی



داوینێتی‌و بەس ئەویش پێشوەخت قازانجەکانی تاڵان کردووە، نەیهێشتوە سەرمایە لەکوردستاندا کەڵەکە ببێ‌و بازاڕی سەربەخۆ هەبێ.

لە رووی ئابووریەوە، ئەگەر خۆی نەیویستبێت، هەر هیچی بۆ نەکردوین، ئەگەر کارگەیەکی چیمەنتۆیان لە سەرچنار داناوە، کارگەی کیسەکەیان لە رومادی داناوە، بۆ ئەوەی هەر پاشکۆیان بین، بە بێ کیسەکە، چیمەنتۆ تەسویق ناکرێت، بۆچی؟ بۆئەوەی بەردەوام پاشکۆی پیشەسازی بین، واتە پیشەسازیەکی پاشکۆ لە وڵاتی ئێمەدا بووە، لەبەرئەوە تۆ ناتوانیت بە هیچ شێوەیەك پێش ڕاپەڕین قسە لەوە بکەیت کە پیشەسازی لەم وڵاتماندا هەبووە، ئێستا نەبوونی ئەم پیشەسازیە بەدرێژایی سەد ساڵ، یا سەدوپەنجا ساڵی ڕابوردو، ئەو بارودوخە هەبوو کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەو کاریگەری نالەباری لەسەر نەتەوەکان، دەوڵەتان، چین‌و تاکەکان هەبوو.

# داگیرکراوی و بازاڕ داخراوی

مانەوەی کوردستان بەداگیرکراوی، ئەنجامەکەی گەیاندینیە وڵاتێکی کۆمەڵ شێواوی دواکەوتوو، کەواتە چی بکەین لەم حاڵەتەدا؟ سەدامان لە کۆڵ بووەتەوە، دنیایەکی تازە هاتووەتە پێشەوە، پیشەسازی لە دنیادا گەیشتووەتە لوتکەی لوتکەکان. پیشەسازی لە وڵاتی ئێمەدا، یان دەبێت بە گەشەکردنی سروشتی قۆناغبەندی ساڵو دە ساڵو بیست ساڵو پەنجا ساڵو سەد ساڵ تێپەڕ بێت، هەتا پیشەسازی لە وڵاتەکەماندا پەرە بسەنێ، کە ئەمە زۆر زۆرە، ناشزانرێ بەدیدێت یان نا؟ یان دەبێت بیر لەوە بکەینەوە رەهەندێکی تری پیشەسازی لەبەردەمماندا هاتووەتە پێشەوە، سودی لێوەربگرین، ئەو ئاسۆ پیشەسازیەی ئێستا جیهانگیری بۆی رەخساندوین ئەوەتا



دەبینین” بەئاسانی دەتوانرێت کارگە دابنرێ، ژێرخان بەهێز بکرێ، پرۆژەمان هەبێت، هەزاران کۆمپانیا هەبێت، بانق دابنێیت، فرۆکەخانە دادەنێیت، لەرێگەی ئینتەرنێتەوە کارەکانت مەیسەر بکەیت، رۆژانە بە سەدان جۆر دیزاین لەرێگەی ئینتەرنێت دێتو دەڕوات، تۆ دەتوانی سودی لێوەرگریتو رۆژانە بە سەدان میلیۆن دۆلار ئاڵوێڵ لەنێوان بانقەکانو کۆمپانیاکانی کوردستانو کۆمپانیاکانی دنیا دەکرێت. کام پیشەسازی قورسە، (ئەتۆمو قەدەغەکانی لێدەربکەی)، باقیەکانی دەتوانی لە ماوەیەکی کەمدا، پارەت هەبێت، لە وڵاتی خۆتدا جێبەجێی بکەی، ئەمە بەزاندنی قۆناغەکانەو بەخێرایی بەدیهێنانی ئامانجەکانە، ئامانجەکانی ژێرخان، کە ئەگەر ژێرخان نەبێت، وڵاتت نابێت، ژێرخانت نەبێت، کۆمەڵ دامەزرانت نابێت، ژێرخانت نەبێت سیستەمو یاسات نابێت، ئۆرگانەکانت نابێت، ژێرخانت نەبێت بزوتنەوەی ژیان، بزاوتی کۆمەڵو ئاڵوێڵی بازار، پەیوەندی بازار بە

بازاری دەرەوە، ریزبەندی چینەکان، پێکهاتنی چینی ناڤین دروست نابێت، هەتا خەباتی مەدەنی، خەباتی دیموکراسی، خەباتی ئازادی تاك، یەکسانی ژنو پیاو، هەموو ئەمانە بەستراوە بەوەی کە ئایا تۆ ئابوریەکی بەهێزت هەیەو لەسەر ئەو ئابوریە بەهێزە سیستەمت هەیە، دەستورت هەیە، پەرلەمانت هەیە، دامودەزگات هەیە، دەستکەوتت هەیە یا نیە؟ گەر ئەوانەت نەبێت وەکو وڵاتە هەرە دواکەوتوەکانی دنیا دەبین، لەبەر ئەو راستیانە، جیهانگیری یەکێك لە سودە هەرە گەورەکانی، یان فاکتەرێکی گەورەی ئەوەیە بەماوەیەکی کەم، زۆرترین پیشەسازی، تەکنەلۆژیا، زانیاری، زۆرترین تواناسازی، دەخاتە بەردەست نەتەوەیەکی ژێردەستی وەکو ئێمە. سەرەنجام ئەوە کاریگەریەکی یەکجار زۆری لەسەر هەموو رەهەندو فاکتەرو، هەموو ڕوەکانی پێشکەوتن، گۆڕانکاریو ئاڕاستەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانمان دەبێت. بەبێ ئەوە تەنهاو تەنها دەتوانین باس لە سیاسەتی بەرگری بکەین لە کوردستاندا، بەبێ ئەوەی



بتوانین دەستکەوتێکی گەورە بەدی بێنین، کە لەم سەردەمەشدا دەستکەوتەکان فرە رەهەندو بێشومارو چارەنوسسازیشن، بەڵام خۆشبەختانە لەم کوردستانەماندا، بەپێی تازەترین ئامار کە مانگی ڕابوردوو لە پێشەنگای نێودەوڵەتی پیشەسازی لەهەولێر پێشکەش کرا، یانزە هەزار کۆمپانیا لە کوردستاندا هەیە، لە پێشساڵی 1991 وە کۆمپانیاکانی کوردستان بژمێرە بزانە لە 200 کۆمپانیا لە کوردستاندا هەبووە، 200 کۆمپانیاش بەشی زۆری مقاولات، یان دەواجن، یان کارگەی بلۆك، یان کارگەی ئالیك بوون، لە کوردستانی ئێمەدا کارگەی چیمەنتۆو پاڵاوگەی نەوتو ئەم جۆرە کارگانە هەمووی سەر بە حکومەتی عێراق بوون.

یانزە هەزار کۆمپانیا، ئەگەر نەمەوێت بکەومە ناو مشتومڕی ئێوەوە، ئەو یانزە هەزار کۆمپانیایە، گریمان هەزار کۆمپانیایان هی ئەم حکومەتەو هی یەکێتیو پارتیە، خۆ دە هەزاری هی خەڵکە، دە هەزار کۆمپانیای

ئازاد لەبازاری ئازادی کوردستاندا بەئازادانە پەیوەندیان بەهەموو بازارەکانو دەوڵەتەکانی دونیاوە هەیە، لەبچوکەوە بۆ گەورە، من زۆریشم داناوە، وتم ئەگەر هەزار بۆ یەکێتیو پارتی بەبێ زانیاری دابنێین، کە دەزانم من یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پانزە کۆمپانیایشی نیە، من دەڵێم هەزار بۆ ئەوەی کەس موناقشەم لەگەڵ نەکات. پێنج سەدی بدە بە یەکێتیو پێنج سەدی بدە بە پارتی. دە هەزار کۆمپانیای ئەهلی لەم وڵاتەدا هەیە، ئەم دە هەزار کۆمپانیایە لەئاکامی چی بووە؟ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە بووە کە لە شانزە حەڤدە ساڵی ڕابردودا بەدیهاتووە، بە هەموو ناخۆشیەکانو شەڕی ناوخۆو ئەو ڕەخنانەش کە لەسەر ئەو ئەزمونە هەیە. بەڵام دەهەزار کۆمپانیا ڕۆژانە سەدان ملیۆن دۆلار ئالوگۆر بکات، بە هەموو پێوەرێکی ئابوری بازاڕێکی دەوڵەمەندە.

ئێستا تورکیاو ئێران لەسەر دورستکردنی سنوری بازرگانی ڕەسمی موونافسە دەکەن، جاران لە هەموو عێراقدا



تاکە ڕێگای ترانزێتی بازرگانی لەنێوان عێراقو ئێراندا ڕێگای مونزریە بوو، ئێستا بەس لە کوردستان چوار سنوری بازرگانی ڕەسمی هەیە، جگە لە مونزریە، جگە لە ڕێگا قاچاخەکان، وا تورکیا دەروازەیەکی تر دەکاتەوە، جگە لە ئیبراهیم خەلیل، ئالوگۆری بازرگانی لەنێوان کوردستان و تورکیا ساڵی 2009 و 2010 گەیشتە شەش ملیار دۆلار، ئێستا کار بۆ ئەوە دەکریت لە 2010 بۆ 2012 بیگەیەنینە دوانزە ملیارد دۆلار. لەگەڵ ئێران چوار ملیار دۆلار ئالۆگۆڕی بازرگانی هەیە بەرەو زیاتریش دەڕوات.

# جیهانگیریو تاك

کۆمپانیاکانی کۆری، ژاپۆنی، چینی، ئەمریکی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، ئیسپانی، میسری، ئەردەنی، ئیماراتی، لوبنانیو سوری، هەموو ئەمانە لە کوردستاندا کار دەکەن، کۆمپانیای گەورە گەورە، کە کۆمپانیای وا هەیە سەدان ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی لە کوردستاندا هەیە، هی تریش بەڕێوەیە، زۆر بەڕێوەیە.

ئێستا نۆزدە کۆنسوڵگەری لە کوردستاندا کراوەتەوە، نۆزدە کۆنسولگەری، کە ئەمە لە خەونو خەیاڵدا بوو، بەخێرایی بەدیهێنانی ئەم بنەما ئابووریە، خێرەکەی بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟ بۆ جیهانگیری، ئەم دنیای جیهانگیریە و پێویستی بازاری جیهانگیریە لە دنیا نەبوایە، تەنانەت



ئەگەر سەدامیش بڕوخایا، ئەمە بەدینەئەهات. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، یانی سەدامیش پێش جەنگی سارد بڕوخایە، ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئاڵوگۆڕی فیکری، ئاڵوگۆڕی سیستەم، ئاڵوگۆڕی دەستوریش، لەپێش روخانی سەدام، لە پێش جەنگی سارد لە زۆر وڵات هاتەدی، بەڵام نەیتوانی ئەو ئاڵوگۆڕەو، ئەو پێشکەوتنە ئابووریو پیشەسازیەی کە ئێستا لەم ساڵانە، لەدوای جیهانگیریو لەدوای تەواوبوونی جەنگی ساردەوە، لە کوردستاندا بەدیهاتووە، نەیتوانی ئەوە بەدیبێنێ، بۆچی؟ لەبەرئەوەی، خودی سیستەمی سەرمایەداری، پێویستی بە چیە؟ پێویستی بەوەیە کە بازاری سەرمایەداری، بازاری چەقبەستوی وڵاتانی ئەروپاو ئەمریکاو هەندێك وڵاتانی خۆیان نەبن، ئێستا دەبێت سەرمایەداری وایلێبێت تۆڕی بازار، تۆڕی پیشەسازی، تۆڕی ساغکردنەوەی بەرهەمو کاڵاکانی سەراپای دنیا، تەواوی کۆمەڵەکان، لە بازاری بچوك تا گەورە بگرێتەوە، لەوەیش فراوانترو گشتگیرتر دەبێت، وای لێدێ بازاری

سەرمایەداری تاك بە تاك بگرێتەوە، تاك بە تاكی كۆمەڵی نێودەوڵەتی، یانی هەموو تاكێك دەبێت بە بازاری ساغكردنەوەی كاڵای سەرمایەداری" ڕێژەی هەژاری لە وڵاتە هەژارەكاندا كەم دەكەنەوەو ئاستی خوێندەواریو زانستیو زانیاری بەرزدەكەنەوە. هەرچی جۆر بەرهەم لە بازاری ئێستادا هەیە، لە رووی تەكنیكیەوە، ئەوە پێویستی ساغكردنەوەی كاڵاكانی سەرمایەداریە، وا لە تاك دەكات ناچار بێت كاڵا بگۆڕێتو كاڵا ساغبكاتەوە" جلەكانتان دەگۆڕن، پێڵاوەكانتان دەگۆڕن، بچۆ بۆ بازار بزانە ناچارت دەكات جۆرێك شت بكڕی یا نە؟ پارەشت نەبێت هەندێك جار دەبێت قەرزی بۆ بكەیت، چونكە ناتوانیت بژیت، منداڵەكەت هەموو دوو مانگ جارێك دەبێ كۆمپیوتەری بۆ بكریت، دەبێت مۆبایلی بۆ بگۆڕی، دەبێ كیفی موبایلەكەی بۆ بگۆڕی، دەبێت سیدیەكانی بۆ بكڕی، دەبێت دی ڤی دی بۆ بكڕیت، جۆرەها شت پەیدا بووە، كە بەراستی لە خێزانێكی هەژارەوە تا خێزانێكی دەوڵەمەند



كەوتوەتە ژێر هەژمونگەری (هیمنە) بازارو داهێنانی بەرهەمی تەكنیكیەوە. دەبێت ملكەچ بێت بۆ ئەو بازارە، دەبێت تۆ ببی بە بەشێك لەو بازارە، دەبێتە برغویەك لە ئالەتی ئەو بازارەو هەڵتدەسوڕێنێت، هەر دەبێت وا بێ، ئەمە حوكمی تەكنەلۆژیای جیهانی جیهانگیریە. لە سەردەمەكانیتردا ئەمە نەبووە، لەسەردەمی جەنگی یەكەمو دووەمو جەنگی ساردا، حكومەتەكان هاتوون ڕێككەوتوون، پیشەسازیان بۆ وڵاتە دواكەوتوەكان گواستۆتەوەو كردویاننەتە پاشكۆی خۆیان. ڕێكەوتنی ئابوری بیستساڵیان لەگەڵ مۆر كردوون، لەڕێگەی حكومەتەكانەوە پەیوەندیان بە كۆمەڵێك سەرمایەدارەوە كردووە، ئەویش زۆرتر بەپەسەندی موخابەراتەكان، ڕێگەیانداوە سەرمایەدارەكان لەگەڵ وڵاتاندا گرێبەست مۆر بكەن، یان بچن كۆمپانیا بێنن. ئێستا گرێبەستی گشتیو تایبەتی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بۆ تاك بە تاكی كۆمەڵ وردبۆتەوە، تەنانەت تەنها بە متمانەی نێوان

سەرمایەداران، سەدان ملیۆن دۆلار لەکوردستانەوە، تەنها بە پەسەندێكو تەلەفۆنێك، لە بانكەكانی جیهان دەگوازرێتەوە، ئەم ستراتیژە ئابوریە لە قازانجی ئێمەیە.

ئەسڵەن ئەگەر ئەمە نەبوایە، یانی ئەگەر ئێستا بازار ئازاد نەبوایاو ئازادی بازار ئاوا بۆ تاكەكانیش شۆڕ نەبوایە، بە دڵنیاییەوە قسەكردن لە ئازادی، كە ئێستا لە رۆژنامەكانو لە تەلەفزیۆنەكاندا، لەناو نووسەرانی ئێرەش نەدەبوو، ئەوەش زادەی ئەو گۆڕانكاریە ئابووریو پیشەسازیو كۆمەڵاتیەیە كە لە كوردستاندا، لە دە پانزە ساڵی رابردوا، بە هۆی سەردەمی جیهانگیریو نەمانی جەنگی ساردەوە، درووست بووە. جیهانگیری، یەك ڕاگەیاندنی دەوێت، یەك بازاری دەوێت، یەك ئاسایشی دەوێت. دیارە ئەم ئامانجانەش بەبێ گۆڕینی ژێرخانو سیستەمە سیاسیە دواكەوتوەكانی جیهان نایەنەدی. بۆیە دەستیان پێكردووە. لە رۆژهەڵاتی ئۆروپاوە، بەرەو رۆژهەڵات هاتون.



تەنانەت ئاماژە ئابوریە نوێچەشنەكان” لەناو تاكوكۆی كۆمەڵەكانی جیهاندا، ولاَتان نەك بۆ نەهێشتنی سنورەكانیان وەكو یەكێتی رۆژئاوا، دەبات، بەڵكو رەنگە لە دەهەكانی ئایندەدا، ئەو پێشبینیەش بێتەدی كە ناشناڵی جیهانیو زمانی یەكگرتوی جیهانیو كولتوری هاوبەشی جیهانیش دروست ببێ. ئەمەش، بەتەواوەتی گەوهەری ژیانو ژیانی كۆمەڵایەتیش دەگۆڕی. بە گۆڕینی قەناعەتە ئاینیو مەزهەبیەكانیشەوە.

# سەرەنجامی
# گۆڕانکاری جیهانگیری

ئێستا لە کوردستاندا ڕاگەیاندنی هاوبەش هەیە، ئابووری هاوبەش هەیە، لەگەڵ جەمسەرەکانی باڵادەستیش، بەرنامەو پرۆژەی ستراتیژی بۆ ئاسایشی هاوبەشیش، هەیە، دیارە جارێ سیستەمی هاوبەش لە دنیایا دروست نەبووە، کە دەبێ دیموکراسی بێت" بەڵام سەرەتاکەی سەریهەڵداوە. لە جەنگی یەکەمو جەنگی دووهەمو لە جەنگی ساردا، ستراتیژی سیستەم گۆڕین نەبوو. سیستەم کڕینو بەپاشکۆکردنی سیستەمەکان، بە چاوپۆشین لە ستەمکاری هەبوو. چونکە بە پێچەوانەوە، مانەوەی سیستەمەکان هەتا دیکتاتۆریش بوبن، لە قازانجی مۆنۆپۆڵەکانی ئەوان بوو، چ



ڕۆژهەڵات و چ ڕۆژئاوا، بەڵام لە دوو ئاراستەی جیاوە. لەبەرئەوەی لەڕێگای سیستەمە دیکتاتۆرو تۆتالیتاریەکانەوە بازاری نەوتو پێویستیەکانیان، کەرەستەو کاری خۆیان دابین دەکرد، بەڵام ئێستا ناتوانن ئەوە بکەن، هەتا کەرەستەی خاو و وزە چەند زیاتریش لە جاران بۆ دەرەوەی وڵات ببەن، ئەم وزەیە کە لەوێ دەیکەن بە کاڵا، یان کە دەیکەن بە بەرهەمی ورد، حکومەتەکان، کۆمپانیاکان، ناتوانن ئەو هەمووە ساغ بکەنەوە ئەگەر توانای تاکو، عەقڵی تاکو، زانیاری تاکو، کۆمپانیای بچوکو بازاڕی بچوك بچوك لەبەردەم کۆمپانیاکانی ئەوان بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان والا نەکرێن، لەبەرئەوە تەنها حکومەتەکان دابین بکەنو پارە لەڕێگەی حکومەتەکەوە بکێشن دادیان نادات، تەنانەت ئێستا نایانەوێت دەستی هەرزانیش وەکو سەدەکانی رابردوو، بۆ وڵاتەکانی خۆیان پەلکێش بکەن، چونکە هەر هاوڵاتیەك بچێت لەوێ ببێتە پەناهەندە، ناتوانن بڵێن تۆ لەبەرئەوەی هاووڵاتی وڵاتی

ئێمە نیت، پارەی کەمترت دەدەینێ، یاسا ڕێگایان نادات. دەبێ وەکو کرێکاری خۆیان کرێی بدەنێو یارمەتی بدەن، بۆیە دەمێکە ئەوان کۆمپانیاکانیان بۆ وڵاتە دواکەوتوەکان دەگوازنەوە. بۆئەوەی بەپێی نرخی کرێی کرێکاری وڵاتە دواکەوتوەکان، کە زۆر هەرزانترە لە کرێی کاری وڵاتانی خۆیان، کرێکار بخەنە کار. هەروا بەئەندازیاری وڵاتە دواکەوتووەکان، تەکنیکارەکانی وڵاتە دواکەوتوەکان، پارە بدەن، بەمەش بە کرێیەکی کەم، قازانجێکی زۆر بەرنەوە. بە هەمان ئاستو چەشنایەتی بەرهەمهێنانی کاڵا لە وڵاتانی خۆیان، لە وڵاتانی وەکو: مالیزیا، ئەفریقیا، ئاسیا، بە هەمان وڵاتانی ئێمەو لە هیندستانو لە پاکستان بەرهەمو کاڵا دەخەنە بازاڕەکانەوە. ئەمە جگە لەوەی خستنەگەڕی کارگەو خستنەبازاڕی بەرهەمو دابینکردنی فرۆشگای بەرهەمەکانیشیان، دوور لە وڵاتانی خۆیان، ئاسانو سودمەندو کەم کێشەیە. ئەم گۆڕانکاریانە لە هەموو بارێکەوە قازانجی یەکجار گەورەیان پێگەیاندوینو فاکتەری



یارمەتیدەری زۆریشمانن، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەم دەستکەوتانە بەدیبێنین، گەرچی زیانیشیان هەن.

مەسەلەی ئاسایش ماویەتی، مەسەلەی سیستەمەکانیش ماویەتی، سیستەمی هاوبەش، ئەو سیستەمانەی کە دەتوانن سیستەمی دیموکراسی بنو دیموکراسی مامناوەندیش بن، هیچ نەبێت کۆسپەکانی بەردەم بازاری ئازاد لابەرن، هێشتا لە وڵاتانی ئێمەدا ماویەتی. ئەوە بەشێکە لەو ستراتیژیە لە جیهانگیریدا دەبێت بەدیبێت، هێشتا لەرووی پیشەسازیشەوە جیهان سەراپا بەتەواوەتی پێشنەکەوتوە، بۆیە باقی پێویستیەکانی سیستەم گۆڕینو دیموکراسیو ئاسایشی جیهانیش ماویەتی. ئێستا هەزاران ڕێکخراوی (NGO) دروست بووە، خەڵك فێری کۆمپیوتەر دەکات، فێری زانیاریو زانستی دەکات، فێری خوێندەواری و زمانی جۆراو جۆری دەکات. بە سەدان ملیۆن دۆلاریان تەرخان کردووە کە پرۆگرامی پەروەردەی وڵاتانی دواکەوتوو بگۆڕنو بیکەن بە

پرۆگرامێکی هاوچەرخ. هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ستراتیژی ئابووری جیهانگیریدایە، لەچوار چێوەی ستراتیژی پەرەسەندنی جیهانگیریدایە، لە باری ئابوورییەوە، لە باری سیستەمەوە، بۆ هەموو جیهان.



# وادەی گۆڕان

بێگومان بیرمەندانو ئابوریزانانی ئەوان پێشبینیان دەکرد لەساڵی 2010 گۆڕان و گۆڕانکاری زۆر گەورە لەرۆژهەڵات بەدیبێنن، تەنانەت دەیانگوت کۆتایی هەموو فەلسەفەکان هاتو لیبرالیزم مێژوی قفڵدا. بەڵام ئەو زلهێزانە، سەرەڕای ئەوەی جیهانیان خستۆتە ژێر هەژمونگەری جیهانگیری، وەلێ پێشبینیەکەیان کورتی هێناو ئەوەتا خۆتان دەزانن گیرۆدەی شەڕو تیرۆر بوونو ئێستا توێژەرانی ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە کە لە2030 یان لە 2040 ئەم گۆڕانکاریانە بەدیبێنن، بەڵام مەرج نیە بچنە خەڵوەتەوە تا 2030 یا 2040 دێتە پێشەوە، نەخێر نەرم نەرم خەریکن، پێشکەوتن بەدیدەهێنن، وردە وردە

بازارەکە دەبەنە پێشەوە، هەتا بتوانن سەرەنجام ئەو ستراتیژەی لەبەرچاویان گرتووە بەدیدەهێنن چونکە بۆیان دەرکەوتووە گۆڕان و گۆڕانکاری پرۆسەیەو ئارەزومەندانە نیە.

ڕەنگە خەڵك بڵێت باشە تۆ قسەی وا دەکەیت، کە ئەوان هەمووی شتێك دەکەنو ناتوانین ڕێگەیان لێبگرین، ئەی ئێمە ناتوانین لەبەرامبەریاندا بەرنامەی ترمان هەبێت، ناتوانین پرۆژەی ترمان هەبێت، من دەڵێم نەخێر، نەخێر ئەمە پرۆژەیەکی جیهانیە، تەوژمێکی جیهانیە، پێداویستیەکانی پەرەسەندنی شارستانیەتی سەرمایەداری و دیموکراسی هاوچەرخ خوڵقاندویەتی. چەند توانیمان ڕێگە لە دەستکەوتەکانی سەرمایەداری دوای جەنگی یەکەمی جیهان بگرین، سیستەمی سەرمایەداری بەو پێیەی ئەو سەردەمە نەسەپێنێت، چەند توانیمان ڕێگە لە جەنگی دوهەمی جیهان بگرین، سیستەمی سەرمایەداریو دوو جەمسەری بەپێی ئەو سەردەمە نەقڵ نەکات، چەند



توانیمان لە سەردەمی جەنگی ساردا، سیستەمی جەنگی سارد بگۆڕین، ئێستاش هەر هێندە دەتوانین. بە ئیرادەی خۆمان نیە، بە ئەقڵی خۆمان نیەو بە بەرنامەی ئەم حکومەتەو ئەو حیزب، پێم وانیە لەم سەردەمەدا ڕێگەی تەوژمی گۆڕانکاریەکانی سەرمایەداریمان لەم جیهانگیریەدا پێبگیرێت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەگەر لەجەنگی یەکەمو دووهەمو جەنگی ساردا، چەوساندنەوەی تیابووبێت، مەنگەنەی دوو جەمسەری تیابووبێت، کوشتو کوشتاری تیابووبێت، داگیرکردنی وڵاتانی تیا بووبێت، پاراستنی سیستەمە تۆتالیتارو دیکتاتۆرەکانی تیابووبێتو تەنها مۆنۆپۆڵەکانیان مەبەست بووبێت، سەرەڕای ئەو هەموو بەرەنگاریو قوربانیانە، ئەگەر تەکنەلۆژیاو تەکنیكو داهێنراوەکانی سەرمایەداری لەچاو ئێستا لاواز بوبێ، ئینجا نەمانتوانیبێت ڕەوتی مێژوو بگۆڕین. ئەوەی گۆڕاش بە هەڵە چەسپێندراو شکستی خوارد، دیارە لەم سەردەمە بەشی زۆری ئەوانە نیە، تەوژمەکە لایەنە

زۆرەکانی ئیجابین‌و لە قازانجی ئێمەدان، ئیتر چۆن دەتوانین ئێستا ئەلتەرنەتیڤێکی باشتر لەوە ئامادە بکەین؟ ئەلتەرنەتیڤێکی باشتر لە بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆجیا، تەکنیك، پێشکەوتن، گۆڕینی سیستەمە دیکتاتۆرەکان، نەهێشتنی تۆتالیتارەکان‌و دژایەتیکردنی فەندەمێنتالیزم، بەدیلی باشترمان لەکوێ هەیە؟ چییە؟ ئەوە حزبەکان با دیدی باشتر فۆرمۆلە بکەن‌و سەرەنجام بڵێن حکومەتێك بەدیدەهێنین لە دەوڵەتە سەرمایەداریەکانی جیهانگیری جیهانگیرتر بێت، یا ئیقلیمگیرتر بێت، یا نیشتیمانگیرتر بێت، هەروا سودیشی زیاتر بێ. تازە هەرگیز کاری گەورەی وا ناکرێ. وەرچەرخانی پیشەسازی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، روناکبیری‌و راگەیاندنی گەورەتر بەدیهێنان،، هیچ لایەك‌و کەسێك ناتوانێت ئەم قسەیە بکات، سەلەفییەکان نەبێت، ئەویش دەڵێین دەتانبەینەوە بۆ سەردەمی خولەفای راشدین، ئەوان دەڵێن ئێمە لەسەردەمی جەهالەتدا دەژین‌و بگەڕێنەوە بۆ 1400 ساڵ لەمەوبەر، ئیتر بۆ خۆتان بژین،



کە ئەو سەردەمە، لە هەموو دورگەی عەرەبی‌و ئەو وڵاتانەی داگیریشیان کردن، نەك تەکنەلۆژیاو شارستانیەتی گەورە، بەڵکو یەك ئاودەستی تێدا نەبووە، رەنگە ئەم قسەیەتان لا سەیر بێت! بچن ئیبن روشد بخوێننەوە، ئیبن روشد دەڵێت: پێغەمبەر کە بۆ دەست بە ئاوگەیاندن چۆتە (خلاء) دارو بەرد لەبەردەمیا هەڵساوەو بەخێرهاتنی کردووە. (خلاء) واتە چۆڵایی. لە چۆڵایی دێهاتەکانیاندا دەستیان بە ئاو گەیاندووە. ئێستاش بەپێی هەندێك ئیجتیهاد، هەر لە (خلاء) لە دێهاتی هەندێك وڵات دەست دەگەیەننە ئاو. چونکە پێیان وایە لەماڵدا ئاودەست دروستکردن حەرامە. ئیسلامگەرا دەیانەوێت بمانبەنەوە بۆ ئەو سەردەمەی عەرەبستانی سعودی‌و ئەو سەردەمەی سەرەتای خولەفای راشدین‌و بەحیسابی خۆیان ئەوە سەردەمی ئەقڵ‌و رۆشنگەری‌و روناکبیری‌و لۆژیك.. تاد، بووە. ئەمەش سەردەمی جەهالەتە، ئەمە کۆمیدیایە، تراجیدیایە، هەردووکیانە، چیە؟ سەیرەکە لەوەدایە، هەن

بەچەشنێ بەنگ دەبن، خۆیان بۆ ئەو سەردەمە دەتەقێننەوە. سەیری ئەم سەمەرەیە بکە، گەنج، ژن و پیاو، خۆی دەتەقێنێتەوە بۆ ئەوەی بمانبەنەوە بۆ ئەو عیلمو مەعریفەتەی ئەوساو لەم جەهالەتە رزگارمان کات. لە رۆژنامەکانی قەتەر و سعودیە کە من لەم سەفەرەی دواییمدا سێ رۆژ لەمەوبەر بۆ قەتەر، هەندێکیانم خوێندەوە، ئێستەش مۆناقشە لە سەر ئەوەیە ژن لە سعودیە بۆی هەیە سەیارە لێ بخوڕێ یا بۆی نیە؟ سەرەڕای ئەوەش، بە سەردەمی شۆڕشی زانیاریو خێرایی دەڵێن: جەهالەت. با وازیان لێ بێنین!!

کەواتە، ئەو فاکتەرانەی یارمەتی ئێمە دەدات، فاکتەری پیشەسازی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیو ڕاگەیاندن، تەنانەت ئەگەر ستراتیژیەکی ئاسایشی جیهانیش سەر بکەوێت، ئایا لە قازانجی ئێمەیە، یان کامیان لە قازانجی ئێمەیە؟ ئێستا لەم هۆڵە دێنو دەڕۆن ئاگاتان لێ نیە سێ چل ئاسایش پارێزگاری دەکات، ئەوە باشە یاخود



فەرمانبەرێك ئەم هۆڵە ببات بە ڕێوە، بەبێئەوەی بترسێت لەوەی یەکێك خۆی بتەقێنێتەوە؟ ئەو ئاسایشە جیهانیە کە پێویستە بەدیبێت، زۆر لە قازانجی میلەتانی ئێمەیە، گۆڕینی سیستەمەکانیش تێکڕا لە قازانجی ئێمەیە، ئەو سیستەمەی دایدەمەزرێنین پێچەوانەی ئەو سیستەمە دیموکراسیانە نیە کە لەئەوروپا دامەزراون" ئایا ئەو سیستەمانەی ئەوروپا دەیانەوێت لە رۆژهەڵاتو لەدنیا دایمەزرێنن، لەو سیستەمانە بۆ ئێمە باشتر نین کە ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەکەدا هەنو مافە دیموکراسیەکانیشمان ناسەلمێنن؟! لەبەرئەوە ئەمە هەموو فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی ئێمەن بۆ گۆڕانکاری هەمەلایەنە، کە ئەگەر ئەم فاکتەرانە نەبن، ژیانمان ناخۆشو سەخت دەبێت. دیارە کێشەش هەن کە بۆمان دەبنە گرفت، ئەوەیە کە بەراستی رۆژهەڵات ئیشکالیەتی زۆر گەورەی هەیە، رۆژهەڵات رۆژئاوا نیە، هەتا رۆژهەڵاتی ئەوروپایش نیە، ئەمریکای لاتینیش نیە. بۆیە..

# گرفتەکانی جیهانگیریو .. تایبەتمەندێتی ئیسلامگەرا

گەورەترین گرفت لە رۆژهەڵاتدا، فەزای دینو مەزهەبە، دینو مەزهەب لە رۆژهەڵاتدا هێشتا کێشەی ئەقڵو کێشەی ئەقڵانیەتو کێشەی فەلسەفە دانراوەکانو کێشەی چەسپاندنی جیهانبینی دونیاگەراییە. رۆشنگەری لە وڵاتی ئێمە، ئاینسازی لەکۆمەڵدا، بە کۆمەڵێك حوکم کە نامەوێ دیسان شەرحی رێنسانسو شۆڕشی پیشەسازیو پێشکەوتنەکان بکەینەوە، بەکۆمەڵێك ئەحکامی ڕابردوو، ئەو ئەرکانە، بەپێی تایبەتمەندیەکانی ئێستا بە میرات بۆمان جێماون، بەداخەوە مەسەلەی دین، مەسەلەی مەزهەب، مەسەلەی سکۆلار، ئەو مەسەلەگەلە



مەعریفیو دونیاگەرایانە، سەقەت کراونو یەکالانەکراونەتەوە. جیهانگیری کە دێت، بەو ئامانجانەی کە بەدییان ئەهێنێ، بەم تەوژمە نوێیە، بەم ئاڕاستە نوێیە، بەم ستراتیژە نوێیە، کە دێتو پەرەش دەسەنێ بۆ وڵاتانی لەمەڕ خۆمان، بێگومان لەگەڵ ئاینو مەزهەب بەریەك دەکەون، لەگەڵ بەشێکی دابونەریتدا بەر یەك دەکەون. گرفتەکە ئەوە نیە تەنها لەگەڵ حیزبەکانی ئیسلامگەرادا بەریەك دەکەون، یا لەگەڵ سیستەمە سیاسیەکانی ئیسلامگەرای سیاسی شیعە بێت، یا سونە، بەر یەك دەکەون، تەنانەت لەگەڵ ترادسیۆنی ئیسلامیو مەزهەبی ناکۆکی قوڵ دروست دەکەن، ئەم ناکۆکیە قوڵە ماوەیەك ئازاری ئەم پرۆسەیە دەدات، ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکە پڕ لە کێشەیە، پڕ لە کوشتو کوشتارە، بزانن لەرۆژئاوادا چۆن چۆنی دیموکراسی لەبەرانبەر دەرەبەگایەتیدا وەستا، لە بەرانبەریشیاندا دین وەستاو لە فاتیکان دوژمنایەتی ئەقڵگەراییو دونیاگەرایی کرد.

شەڕێکی خوێناوی گەورەی سەدوپەنجا ساڵە لەنێوان مەسیحیەکانو دیموکراسیخوازەکان بەرپا بوو، کە پێنج ملیۆن ئینسان بوون بەقوربانی، گەیشتە دادگاکانی پشکنین، گەیشتە سوتاندنی زاناو داناکان، دەربەدەریی فەیلەسووفەکان، پاشگەزکردنەوەی گالیلۆو دەیان زاناو داناو بیرمەند. چۆن لە رۆژئاوادا ئەو شەڕە شەڕی خوێناوی سەخت بوو، بەڵام سەرەنجام هەر دیموکراسیخوازەکان، هەر زانستخوازەکان، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

دیارە لە وڵاتی ئێمەشدا، پرۆسەکە بەچەشنێکی ترە، راستە ئیسلامگەرا بەهێزن، بەڵام کەوتونەتە سەردەمێك وردە وردە هێزی کۆمەڵایەتیان لاواز دەبێ. بۆیە مەترسیەکانیشیان کەم دەبێتەوە، ئێستا دەرەبەگایەتی وەکو سیستەم نەماوە، ئەمە زۆر گرنگە کە چینی دەرەبەگ، ئورووستکرات، دەستو پەیوەند، لەشکرو سیستەمیان نەماوە، بەڵام پاشماوەیان ماوە، خێڵ پاشماوەکەی ماوە،



عەشایر پاشماوەکەی ماوە، پاشماوەی عەشایرو دەرەبەگو خێڵ لەبەرئەوەی سیستەمیان بەدەست نیە، لەبەرئەوەی هێزی بەرهەمهێنانو چارەنوسی زۆرینەی کۆمەڵایەتیان بە دەست نیە، ناتوانن لەبەرانبەر جیهانگیریدا بەرگرییەکی ئەوتۆ بکەنو سەرەنجام شەڕی گەورە بکەن. ئەمە یەك، دووهەم، پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا لەگەڵ ئاینو مەزهەبدا، جۆرێك لە دابڕان لەنێوانیاندا دروستبووە، ئەو هاوبەرژەوەندیەی کە لە ئەورووپا هەبوو، فیودالو ئاینی مەسیحیەت بە یەکەوە دوژمنایەتی شۆڕشی دیموکراسیان کرد، دەوروبەری دوو سەدەش درێژەیان بە دوژمنایەتی خوێناوی شۆڕشی دیموکراسی، زانیاری، دژایەتیکردنی ئەقڵ، ئەقڵانیەتو دونیاگەراییان کرد، لەم وڵاتانەی ئێمە وا نیە، پاشماوەی دەرەبەگ، تێکەڵاو بە بازار بوون، فێری بازرگانی بوون، بەشێکیان فێری قومارو گازینۆی لوبنانیش بوون، هەندێکیان لەم حیزبە شتێك وەردەگرن، لەو حیزبە شتێك وەردەگرن، لە بازاڕیش ئیشی

خۆیان دەکەن‌و تاقەتی ئەوەیان نیە بچن لەگەڵ پیاوی دینی‌و ئەحزابی ئیسلامگەرا زۆر تێکەڵاو بن.

ئەگەر سەیریان بکەیت، ئیسلامگەراکان کەمترین دەرەبەگی گەورە لەناویاندا پابەندن، کە شەڕیشمان بوو لەگەڵ هێزە ئیسلامگەراکاندا، دەرەبەگو ئاغاو کوێخاکان نەچون لەگەڵ ئیسلامگەرادا، بەناوی یەکێتی بەرژەوەندی ئابوری‌و حوکمڕانی هاوبەشی ئاینی‌و دەرەبەگایەتی، لەکوردستاندا، شەڕی ئێمە بکەن، نەخێر وا نەکەوتوە، ئەمە زۆر کارێکی باش بوو، رەچاوی ئەو گۆڕانکاریە بکەین باشە. ئەمە جگە لەوەی لەناو بازاڕو چینی ناڤینی تازەسەرهەڵداویش، ئیسلامگەرا جێگەی متمانەی ستراتیژی سیاسی‌و ئابوری فراوان نین‌و نابن.

لەلای ئێمە چ لایەك شەڕی ئەوان دەكات؟ یەکەم هێزە ئیسلامگەراکانە بۆ دژایەتیکردنی ئەفکاری جیهانگیری، کە دیموکراسی‌و ئازادی‌و سەربەستیە، روبەڕویانن. بۆ ئەم شەڕەش بەشێوەی جۆراوجۆر وزەی خۆیان خستۆتە گەڕ.



دووهەم ئەو ترادسیۆنەیە، یان داب‌و نەریت‌و کەلەپورێکە تێکەڵاو بە عەقیدە کراوە. ئەو عەقیدەو مەزهەبانە، رەگ و ریشەی 1400 ساڵەی هەیە. ئەم دوانەیە، یان دوانەی ئیسلامگەراو ترادسیۆنی دواکەوتووە. ئیسلامگەرا پشت بە کەلەپورە دواکەوتوەکەو کەلەپورەکەش ئاوێتەی ئیسلام‌و ئیسلامگەراکە بووەو بوشنەتە بلۆکێکی ئایدیۆلۆژی. کاتێك عەقیدە ئاوێتەی کەلەپوری نەتەوەیەك دەبێت، یەکالاکردنەوەیان زۆر قورسە. بەتایبەتی لەو ولاتانەی شۆڕشی پیشەسازی، ئاینسازی‌و رۆشنگەرییان نەدیبێ. بە رای من ململانێ لەگەڵ ئەحزابی ئیسلامگەرا، مەعلومە سیاسەتە" ئەوان سیاسەت دەکەن‌و ئێمەش سیاسەت دەکەین، ناکۆکی لەگەڵ ئەحزابی ئیسلامگەرا لە هەموو رەهەندەکاندا بە رەهەندی عەسکەریشەوە، ئێمە زانیمان چۆنی دەکەین، هەر ئەوەندە دەڵێم: نامەوێ ئەوە بکەم بە بەشێك لە بابەتەکەم، دەتوانم هەر ئەوەندە بە راشکاوی بڵێم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزە ئیسلامگەرا

چەکدارەکانی نەخستبایەتە سەر رەوتی سیاسیو یاسایی، ئێستا سلێمانیو هەولێر غەزە لەچاویا ئارام بوو، خۆتان دەزانن لە غەزە حەماسەکان کە ئینقیلابەکەیان کرد چیان لە فەتحاویەکان کرد، قاچو دەستی زیاد لە سەدوپەنجا کەسیان بڕیبوو. لای ئێمەش لەسەر پەلەیەك ئەرز دەسەڵاتیان هەبوو، کارەساتی خێڵی حەمەیان خوڵقاند، بەڵام سەرەنجام لەگەڵ هێزە ئیسلامگەراکاندا ئەوەی کە چەکدار بوون، بەشێکیان ڕایان کردو پاشماوەکەیشیان لەناو پرۆسەی دیموکراسیدا هیچی پێناکرێت، لەگەڵ هێزە سیاسیەکانیان رێك کەوتووین، ئێستا لەناو پەرلەمان، لەناو حکومەت، لە دەرەوەی حکومەت، لە عێراق، ئەمانە لەگەڵ دۆخەکەدا گونجاون. هێندەی دەنگیشیان هەیە رێژەی خۆیان هەیە.

دیارە، بنەمای ئەو گیروگازە فکریو سیاسیو فەلسەفیە، جگە لە مێژووی بەیاری پیشەسازیو دیموکراسی لە سەدەی رابوردوودا، ئێستاش گرفتی: نزمی



ئاستی زانکۆکان، لاوازی فەلسەفەی پەروەردە، ژێرخانی دواکەوتوو، نەبونی ستراتیژی هەمەلایەنەی گۆڕانکاری.. تاد، ئەمانە هەموو لەخزمەتی ئیسلامگەراو دژی پرۆسەی دیموکراسین. دڵتەنگیە، زۆرترین خاوەن بڕوانامەکانمان لە زانکۆو پەیمانگاکان، بڕوانامەکانیان لە زانکۆکانی رۆژئاوادا پەسەند نیە. تەنانەت زۆرترینیان، بەقەد لاوێکی کوردی پەروەردەبوی رۆژئاوا، کۆمپیوتەر نازانن. ئەمە کارەساتە. بەڵێ، زانکۆکانی کوردستان لەریزبەندی پێشکەوتنی پرۆگرامو خوێندندا، لە ریزبەندی زانکۆکاندا، لەدوای (1300) وە تەپەیان دێ!!

# هەژمونگەری‌و سەراپاگیری

ئەوەی لەلای ئێمە کێشەی گەورەیە هەژمونگەری ئاینە لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیان. بەتایبەتی لە بواری کەلەپورو شەریعەت‌و داخستنی دەرگای ئیجتیهاد لەسەر تێکستە نەگۆڕەکان. ئەمە بابەتێکە بەراستی ئەرکی هێزە سیاسیەکانە، ئەرکی رۆشنبیر، دامودەزگا هونەریەکان، ئەرکی نووسەرەکانمانە، کار لەسەر ئەمە بکەین، بەرای من ئەگەر نەتوانین لە هەلی رەخساوی ئێستا کارێکی وا بکەین وردە وردە، روبەری ئازادکردنی عەقڵی مرۆڤەکان زیاد بکەین، واتە: لەژێر هەژموونی دین، لەژێر کاریگەری هەژموونی مەزهەب، رزگارکردنی روبەرەکە زیاتر نەکەین، زۆرترین ئەقڵ ئازادو هۆشمەند نەکرێ، لەناو کۆمەڵ‌و ژیانی



کۆمەڵایەتی، ئەم هەژمونگەریە بە پێوانە کلاسیکیەکەی، بە پێوانە سەلەفیەکەی، بە پێوانە دواکەوتووەکەی مەترسیدارە. رێژەی چەندی کۆمەڵ لەژێر ئەو هەژموونە بێ، لە زەرەری دیموکراسی‌و ئازادیدایە، بەپێچەوانەشەوە، چەند مرۆڤ لە هەژموونە دیوە دواکەوتوەکەی دین‌و مەزهەب، لەم سەردەمەی کە هەلومەرجی دیموکراسیە بۆ ئێمە رەخساوە، چەند مرۆڤەکانی کۆمەڵ زۆرتر لە هەژموونە سەلەفیەکەی باوەڕ بوون بە دین لەناو کۆمەڵدا رزگار بکەین، شانسی زیاتر بەسەرکەوتنی دیموکراسی، بەپێشکەوتنی دیموکراسی، بەپێشکەوتنی مەدەنیەت، بەپێشکەوتنی ئازادیەکان، بەدیهێنانی مافەکانی ژنان، شانسی زیاتر ئەداتە چەسپاندنی بنەماکانی سیستەمی سکولارو ژیانی مۆدێرنێتە.

پێکهاتەی ئەقڵی مرۆڤ وایە، کاتێك ئەقڵ داگیردەکرێ، یان دەچێتە ژێر هەژمونگەریەوە، ئیتر پێوانەو حوکمدانەکانی مرۆڤ لەقالبی ئەو عەقیدەیە دەدرێ کە

دەسەپێتە سەری. بەڵێ، کە ویژدان ئازاد نەبوو، کە روبەری زۆری ئەقڵ داگیرکرا، کەمترین مەنتق قبوڵ دەکات، کەمترین مەعریفەش وەردەگرێ. روبەری زۆرترین ئەقڵیش زرگارکرا، زۆرترین مەعریفە، پێشکەوتن، فەلسەفەو مەنتیق قبوڵ دەکات. تۆ دوا کەوتوو بی، پێشکەوتن کەم قبوڵ دەکەی، زیاتر پێش بکەوە، پێشکەوتن زۆر قبوڵ دەکەی، هاوکێشەکە وایە، ئەمە ململانێی چارەنووسسازی دیموکراسیە، کە من بە داخەوە دەیڵێم: (با پێشتان بکەوم!) حزبە سیاسیەکانمان لەم بارەیەوە کەمتەرخەمن، سیستەمەکەیشمان لەم بارەیەوە کەمتەرخەمە، تاڕادەیەك ڕەنگە سیستەم ئەگەر تۆزێکیش موحافیزکار بێت حەقی خۆی بێ، ئەوە سیستەمەو ئیدارەیە، بەڵام حیزبەکان ئەو کەمتەرخەمیەی هەمانە خراپە، بەرپرسیارێتی زیاترمان لەچاو حکومەت لەسەر شانە، لەدوای حیزبو حکومەت، رێکخراوە دیموکراسیەکانیش کەمتەرخەمن، مەبەستم رێکخراوە دیموکراسیەکانی لایەنێك نیە، هەموو لایەنەکان،



رەنگە ئێوە بزانن کە رێکخراوە دیموکراسیەکانی یەکێتی، ئەوەی کە کردوومانە، بەرانبەر مەدەنیەت، بیری ئازادی، ئازادی ویژدان، سەربەستیەکانو مۆدێرنێتەو سیستەمی سیکولار، کەم نیە. بەڵام بە سەدان رێکخراوی دیموکراتیو مەکتەبی جەماوەریو پیشەیی هەیە، هەتا ئێستا وتارێکیان لەسەر فەلسەفەی دیموکراسی نەنوسیووە. رەخنەیەکیشیان لە ئیسلامگەرا نەگرتووە.

نابێ ئەوەش لە بیربەرین، کە بەشی زۆری روناکبیرەکانمان ئەوەندەی مەشغوڵن بە شتی لاوەکیەوە، ئەوەندە سەرگەرم نین بە گەوهەری خەباتی فەلسەفی، خەباتی سیاسیو خەباتی کۆمەڵایەتی دیموکراسیەوە، کە مەسەلەی چۆنیەتی رزگارکردنی ئینسانەکانی کۆمەڵەو چۆنیەتی رزگارکردنی زۆرترین ئەقڵە لەو هەژمونگەریە سەلەفیە، تەنانەت لەناو خێزانەکانی خۆمانەوە تا دەگاتە دراوسێکانمان، گەڕەکەکانمان، کەسوکاری خۆمان، بەڵکو لەناو حزبەکانیشمان، کەمتەرخەمین، ئەوە لەبەرئەوەیە ئەو

هەژموونە لەناومان هەیە، وەکو پێویست پرۆگرامی خوێندن، گفتوگۆکان، نووسین، ڕۆژنامەکان، تەلفزیۆنەکان، تێکستەکان، لێکدانەوەو رەخنەکان، هەموو ئەمانە بیخوێننەوە، کەموکوڕی زۆری تیایەو ئەرکی لاوەکی نوسین بەسەر ئەرکی سەرەکی نوسیندا زاڵکراوە. خۆزگە ئێستا سێ چوار پسپۆڕی زانکۆ، دە ساڵی ڕابردوو یان، پانزە ساڵی ڕابردوو، هەرچی نووسراوە لەبارەی دیموکراسیو لەبارەی ڕەخنەوە هەمووی تاوتوێ بکەن، دەردەکەوێ کەمترینی بۆ ئەو ململانێ چارەنوسسازەو ئەو ناکۆکیە بنەڕەتیە دەمێنێتەوە، زۆرترینی رەخنەی لاوەکین. لەبەرانبەر هەژمونی سەلەفیەتی دینیو هەژموونی سەلەفیەتی مەزهەبی، زۆربەی نوسەرانو نوسینەکان کەمتەرخەمن. بەڵکو هەندێکی زیانبەخشیشن. دیارە لەناو زۆرترین مرۆڤەکانی کۆمەڵ، بە کەمترین فەلسەفە، بە کەمترین فکر، بەکەمترین ڕەخنە، بێگومان ناتوانی تەحەمولی



بەرپرسیاری گەورەی دیموکراسی لە وڵاتی دواکەوتوو بکەیت، ئەمە مەحاڵە.

جا لە دەرەوەی ئەم بازنەیە، لە دەرەوەی ئەم ئەرکە ستراتیژو چارەنوسسازە چی دەکەین؟ بێگومان دەڵێین: لەنێوان بیروباوەڕو پرۆژە فەلسەفیەکانی مۆدێرنێتەو رازیکردنی سەرکردەی حزبەکاندا، هەروەها، لەنێوان کۆپیکردنی فەلەسەفەی نەخوازراوی هەندێك نوسەرو پێویستی خیتابی فەلسەفی سەردەمەکەشدا، سەر لێشێواوی دروستبووەو زۆرترین خەڵك گێریان خواردوە. کێ حیزبەکەی رازی ئەکات؟ کێ سەرکردەکانی رازی ئەکات؟ کێ بە نوسینی لاوەکی رقەکانی دائەمرکێنێ؟ موحافیزکاری حزبەکان، کۆپیکردنی فەلسەفە بەسەرچوەکان، پشی پشی بۆ هێزە ئیسلامگەراکان، ئەمانە سێکوچکەی مەترسیدارن بۆ سەر گەوهەری دیموکراسیو بونیاتنانی سیستەمی سیکولارو ژیانی مۆدێرنێتە. تووندترین ڕەخنەی سیاسی لەدەسەڵاتو ئەمو ئەوی

بەرپرسیار، ناتوانێ جێگەی ململانێی بنچینەیی دیموکراسی بگرێتەوە. ئەوەی لە مێژوودا دەمێنێتەوە، بەدیهێنانی ئەرکە مێژوویەکانی دیموکراسیە، ئەوە نەخشی مێژووە، نەك ئەوەی فلاّن وای وت، فلاّن قسەی بە فلاّن وت، نامەوێ بچمە ناو مشتومڕی ئەو جەنگەڵە، لای من دیموکراسی دەستپێشخەری پرۆسەی مێژوویە، ئەرکی چارەنووس سازی تیایە، هەڵوێستی چارەنووس سازی تیایە، فکری چارەنووس سازی تیایە ،فەلسەفەی چارەنووسسازی تیایە، بەشێکی زۆرمان توند دەست بەمەوە بگرێ، کاری گەورەمان لەدەست دێ، باقیەکەی چی ئەکات با بیکات" لەم ڕێگایەوە دەتوانین دەستەبەری سەرکەوتنی دیموکراسی لەم ولاّتە، لەناو کۆمەڵدا، بۆ ئایندە بەدیبێنین، دەنا حاڵ هەر وا بمێنێتەوە، هیچ بە دوور مەزانە ڕووداوی وا بێتە پێشەوە، ئەگەری وا بێتە پێشەوەو لە هەڵبژاردنەکاندا ئاکامی وا بکەوێتەوە، کە هیچمان چاوەروانی ناکەین، بەشی زۆری ئاکامی چاوەرواننەکراو، ئەگەر روبدات،



هەمووی هۆیەکەی بۆ هەڵەی حیزبەکان ناگەڕێتەوە، یا هەڵەی دەسەلاّت، ڕەنگە بەشێکی بەرچاوی بگەڕێتەوە بۆ مانەوەی ئەو ڕەگو ریشەیە، مانەوەی ئەو ژینگە کۆمەلاّیەتیە سەلەفیو دواکەوتووە، کە زۆربە ناوێرن بیگۆڕن.

سەلەفیەتی مەزهەبی، یان سەلەفیەتی دینی کە تا ئێستا بنچینەکەی بە دەستکارینەکراوی لە کوردەواریدا ماوەتەوە، ئەمە زهنیەتی خەڵکی لە پێوەری دینی، فەلسەفی، کۆمەلاّیەتیو تەنانەت روناکبیریش ئاخنیوە، بێگومان هەر ئەمەش بڕیاری سیاسی بە خەڵك چ بۆ دژایەتی عەلمانیەتو چ لەکاتی هەڵبژاردنیشدا دەدات. بە دەستی تۆ نیە، زهنیەتی خەڵك لە دوا نەتیجە قەراری سیاسی بە خەڵکیش دەدات، ڕەنگە روداوێك لە رووداوەکان کە تۆ چاوەروانیشی ناکەی، زهنیەتی مردووش لە عەقڵی خەڵکدا زیندو بکاتەوە، دەیان هەزار کەس هەیە، توخنی سیاسەتو فەلسەفە ناکەون، رەنگە ئیسلامگەراکان بتوانن

لە ئانو کاتی خۆیدا ختوکەی هەستیان بدەنو بیانوروژێنن. ئەمە مەترسیەکانی مانی ئەو زیهنیەتەیەو مانی ئەو عەقڵییەتە سەلەفیەتە دوا کەوتوەیە لەناو ولاتانی ئێمەدا، گەر ململانێی لەگەڵدا نەکرێ و کەمە کەمەش پاك نەکرێنەوە، بەڵکو لەناو بەشێکیش لە پرۆگرامی خوێندندا، لە باخچەی ساوایانەوە تا ئەگاتە سەروتر مەترسی سەلەفیەت مەلاس دراوە، گەر سالانی ئاینده ئەو بنەمایانە نەگۆڕین، چاوەڕێ نەبین پرۆسەی دیموکراسی بنەماو دەستەبەری کۆمەلایەتی دابنێ.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی ............................................................. | 5 |
| جیهانگیری، | |
| فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی ............................ | 7 |
| داگیرکراوی و بازاڕی داخراوی ............................... | 15 |
| جیهانگری و تاك ................................................. | 21 |
| سەرەنجامی گۆڕانکاری جیهانگیری ........................ | 27 |
| وادەی گۆڕان ........................................................ | 32 |
| گرفتەکانی جیهانگیری و تایبەتمەندێتی ئیسلامگەرا............................................................ | 39 |
| هەژمونگەری و سەراپاگیری .................................. | 47 |

## زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 345 | 1 | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | 2010 |
| 346 | 2 | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | 2010 |
| 347 | 3 | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 350 | 4 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | 2010 |
| 351 | 5 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 352 | 6 | ئایین و ئازادی بیروڕا | عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2010 |
| 253 | 7 | نەتەوە چییە...؟ | و. کامیل محمد قەرەداغی | 2010 |
| 358 | 8 | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | 2010 |
| 359 | 9 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | 2010 |
| 360 | 10 | ئایین و مۆدێرنە | و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | 2010 |
| 361 | 11 | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | 2010 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2011 | رێبین حەسەن | پێگەی میدیا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | 12 | |
| 2011 | شورش حسن | مميزات النظام الفدرالي | 13 | |

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (2010 - 2011)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | 2010 |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | 2010 |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | 2010 |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | 2010 |
| 329 | 2010 ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزیز | 2010 |
| 330 | پڕۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی | عوسمان حەمە ڕەشید گوروون | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | بەرنامەی (ی. ن. ک) | | |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | 2010 |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون | 2010 |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى | 2010 |
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | 2010 |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | 2010 |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | 2010 |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | 2010 |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | 2010 |
| 339 | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | 2010 |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 2010 | فرهاد جلال مصطفى | الامن و مستقبل السياسة الدولية | 341 |
| 2010 | ئومێد قەرەداغی | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | 342 |
| 2010 | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | مسرحيات و تحليل | 343 |
| 2010 | زانا رفيق سعيد | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | 344 |
| 2010 | ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ژمارە (1) | 345 |
| 2010 | خەلیل عەبدوڵڵا | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (2) | 346 |
| 2010 | فەرید ئەسەسەرد | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | 347 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (3) | |
| 2010 | | گۆڤاری کەلتور | 348 |
| 2010 | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (1970 ـ 1972) | 349 |
| 2010 | تەحسین نامیق | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (4) | 350 |
| 2010 | فەرید ئەسەسەرد | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (5) | 351 |
| 2010 | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (6) | 352 |
| 2010 | و. کامیل محمد قەرەداغی | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (7) | 353 |
| 2010 | يوسف يوسف | خانقين .. حكايات اعوام | 354 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | الرماد | | |
| 355 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | 2010 |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | 2010 |
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح و. ئارام ئەمین شوانی | 2010 |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | 2010 |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | 2010 |
| 360 | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 10 | و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | 2010 |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في | | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 11 | فريد اسسرد | 2010 |
| 362 | گۆڤاری کەلتوور | | 2010 |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | 2010 |
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي | 2010 |
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 12 | ڕێبین حەسەن | 2011 |
| 366 | مميزات النظام الفدرالي في العراق ، زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 13 | د. شورش حسن عمر | 2011 |